# مەسەلەکانی پاراستنی ژیان ناکەونە ژێر رکێفی شیکردنەوەی ئابوورییەوە

جۆزیف ئی. ستیجلێتز

وەرگێڕان لەعەرەبیەوە /حەسەن جودی
Hesen_cudi@yahoo.com

## خەرجی راستەقینەی جەنگی ئێراق

ئێمە دەپرسین . . ئایا ئامرازی ئەلتەرناتیف لەئارادا هەبووە بۆ تەرخانکردنی بەشێکی بچووکی خەرجییەکانی جەنگ، کە لەنێوان یەك تا دوو تریلیۆن دۆلارە، بۆ پرۆژەکانی تۆکمەکردنی ئاسایش و هاندانی دیموکراتییەت؟ گومانی تێدا نییە گرنگترین شت لەژیاندا – وەك خودی ژیان خۆی – بەپارە ناقەبلێندرێ. بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە ئەو مەسەلانەی پاراستنی ژیان یان ئەوانەی شێوازێکی ژیان لەخۆوە دەگرن وەك مەسەلەکانی بەرگری, نابێ بکەوێتە ژێر رکێفی شیکردنەوەی سارد و بێدەنگانەی ئابووری، دوای ماوەیەکی کورت لە هەڵگیرسانی جەنگی ئێستای ئێراق، ئەو کاتەی لاری لیندسی راوێژکاری ئابووری ئیدارەی بووش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لەوانەیە خەرجی جەنگەکە بگاتە نزیکەی 200-100 ملیار دۆلاری ئەمریکی، هەر زوو بەرپرسانی دیکە ناڕەزاییان سەبارەت بەو قەبلاندنە دەربڕی. بۆ نموونە میتیش دانیلزی بەڕێوەبەری نووسینگەی بەڕێوەبردن و بودجە پێی وابوو تێچوونی جەنگ 60 ملیار دۆلاری ئەمریکی تێناپەڕێنێ، ئێستا ئەوە روونبۆوە کە ئەو ژمارانەی لیندسی دەستنیشانی کردبوو زۆر لەتێچوونی راستەقینە کەمتر بووە، ترسی من لەوە دایە کەئیدارەی بووش هەموو لایەك سەبارەت بە تێچوونی راستەقینەی جەنگی ئێراق چەواشە بکات، وەك دەرهەق بە چەکە کۆکوژییەکانی ئێراق و دەرهەق بە پەیوەندییەکانی ئێراق بەرێکخراوی القاعیدەوە کردی، من بەشداریم لەگەڵ لیندا بیلمەزی  پسپۆری بودجە لە هارفارد کرد بۆ هەوڵدان لە پشکنینی ئەو کێشەیە. ئەوەی هەردووکمان پێیگەیشتین، وەك دوو دژبەری جەنگەکە، زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، بۆمان روونبۆوە کە قەبلاندنەکان (رێژە مەزەندەکراوەکان) لە تەحەفوزەوە تا مامناوەندی دەگاتە کەمێك کەمتر لە ترلیۆنێك تا دوو ترلیۆن دۆلاری ئەمریکییە، ئێمە شیکردنەوەکەمان لەسەر بڕی 500 ملیار دۆلار دەستپێکرد کە نووسینگەی بودجەی کۆنگریس بە ئاشکرا باسی لێوە دەکات، کە ئەمەش لەڕاستیدا بە بەرتەقای 10 ئەوەندەی ئەو بڕە پارەیەیە کە ئیدارەی بووش لەسەرەتا بۆ تێچوونی جەنگەکە دیاریکردبوو, رێژە مەزەندکراوەکان زۆر نزمتر بوو، چونکە ئەو ژمارانەی لەراپۆرتەکاندا هاتووە تەنانەت ئەو خەرجیەی بودجەی بەتەواوی تێدا نییە کە حکومەت لەئەستۆی دەگرێت. لەراستیدا خەرجی بودجەکە جگە لەبەشێکی زۆر بچووکی ئەو خەرجیەی ئابووری وەك گشتێك لەئەستۆی خۆی دەگرێت هیچی دیکە نییە، بۆ نمونە ئیدارەی بووش هەموو تەقەلایەکی دا بۆ ئەوەی ئەو ژمارە زۆرەی سەربازە سەخت بریندارببووەکانی لە جەنگ گەڕاونەتەوە بشارێتەوە کە تاوەکو ئێستا 16 هەزارە. ئامارەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە سەدا 20ی ئەو بریندارانە زۆر بەسەختی و خەتەرناکی لەمێشك و سەریان پێکراون. کەواتە جێی سەرسامی نییە کە ئیدارەی بووش بەو قەبلاندنانەی کە دەگەیشتە 500 ملیار دۆلار، تێچوونی قەرەبووی لەپەلوپۆکەوتنی بەردەوام و چاودێری تەندروستی کە دەبێت حکومەت لەساڵانی داهاتوودا بیدات، هەروەها ئەو ئیدارەیە ناخوازێ رووبەڕووی ئەو کێشانە ببێتەوە کە پەیوەستن بە سەربازیکردن (التجنید) و لۆژستیك، لەئاکامدا پشتگوێ خستنی ئەو خەرجییە زۆرەی کە خۆی لەسەرلەنوێ بەسەربازیکردن و خزمەتگوزاری چاککاری و خەرجی بە سەربازیکردنی قەبارە مەزن – کە لەماوەی نێوان 2003 تا 2005  بۆ رێژەی لەسەدا 20 بەرز بۆتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی جەنگ پێداویستییە سەربازییەکانی بەڕادەیەکی زۆر بەکاردەبات، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی پێویستی گۆڕینی زۆربەی ئەو پێداویستیانەی کردۆتە ناچارییەك، ئیدی خەرجی ئەو بودجەیە بێجگە لە سوودەکان بەگوێرەی رێژەی مەزەندەکراوی بەتەحەفوزمانەوە گەیشتۆتە نزیکەی 652 ملیار دۆلارو بەگوێرەی رێژەی مامناوەندی مەزەندەکراوەمان گەیشتۆتە نزیکەی 799. هەروەها لەبەر ئەوەی حکومەت کاری لەسەر رێنماییکردنی نەفەقەی دیکە کردووەو دەستپێشخەری لەزیادکردنی باجەکانیشدا نەکردووە، ئەوا نەفەقەکان لەمیانەی بەقەرزدانەوە کۆمەك دەکرێن. هەروەها خەرجی ئەو سوودانەی لەقەرزەکانەوە دەچێت و دەکەوێتە سەر کۆی خەرجی بودجەکە بەگوێرەی رێژەی مەزەندەکراومان بە تەحەفوزەوە نزیکەی 98 ملیار دۆلارەو بەگوێرەی مەزەندەکراومان بە مامناوەندی دەگاتە 385 ملیار دۆلار.

بەشێوەیەکی سروشتی سەربازو خێزانەکانیان رێژەی هەرەزۆری ئەو خەرجییەی لەپێکراو و مردووەکان کۆدەبێتەوە لەئەستۆ دەگرن، بەڵام ئیدارەی سەربازی خەرجی یارمەتی لەپەلوپۆکەوتن دەگرێتە ئەستۆ کە لەراستیدا ئەمە زۆر کەمترە لە بەهای ئەو دەستکەوتە راستەقینەیەی کە پێکراوان لەمیانەی لەپەلوپۆکەوتنیان لەدەستی دەدەن. بەهەمان شێوە بڕی پارەی قەرەبوودانەوەی مردن دەگاتە تەنیا 500 هەزار دۆلار، ئەمەش زۆر کەمترە لەو رێژە مەزەندەکراوەی پێوانەکردنی زیانە ئابوورییەکان کە لەمیانەی مردنەوە گرد دەبێتەوە، کە هەندێك جار بەبەهای ئاماری ژیان لەنێوان 6.1 تا 6.5 ملیۆن دۆلار ئاماژەی پێدەدرێت، بەڵام خەرجییەکان هەر بەوەندە راناوەستێت. رۆژێکیان ئیدارەی بووش بانگەشەی ئەوەی کرد کەجەنگی ئێراق بۆ ئابووری سوودمەندە، تەنانەت یەکێك لە وتەبێژەکان بەناوی ئیدارەی بووشەوە ئاماژەی بەوەدا کە جەنگ باشترین ئامرازە بۆ گەرەنتیکردنی دابەزینی نرخەکانی نەوت. وەك چۆن زۆربەی جار روودەدات بایەکە بەگوێرەی پێویستی کەشتییەکان هەڵینەکرد. کۆمپانیاکانی نەوت لایەنی براوەبوو، کەچی ئابووری ئەمریکاو جیهان لەلایەنی دۆڕاوبوون. بەپشبەستن بەرێژەی مەزندەکراوی هەرە

بەتەحەفوزەوە هاتین حیسابی كۆی كاریگەری لەسەر ئابووریمان كرد، بەوەی ئەگەر تەنیا پێنج یان 10 دۆلارمان لەزیادكردنی نرخی نەوت بۆ جەنگ گەڕاندەوە، لەهەمانكاتدا، ئەو سەرمایەی لەجەنگ خەرجكراوە دەكرا لەبوارەكانی دیكەدا خەرج بكرێ. بەگوێرەی مەزەندەكانمان ئەگەر بەشێك لەو سەرمایەیە بۆ بەكاربردنی خۆجێیی وەك ڕێگاوبان و خوێندنگا لێتۆژینەوەكان تەرخان بكرێ ئەوا ئابووری ئەمریكا لەماوەی درێژخایەندا بەڕادەیەكی مەزن ئیمتیاز بەدەست دەخات، هەر لەماوەی درێژخایەندا گەشەی ئابووریش تۆكمەتر دەبێت. لێرەدا ژمارەیەك خەرجی دیكەش هەیە، لەوانەیە هەندێك لەو خەرجیانە تائەو پەڕی بەرزبێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی پێوانەكردنی ئەو خەرجیانە مەسەلەیەكی جێگەی موشتومڕە. بۆ نموونە؛ ئەمریكییەكان ساڵانە نزیكەی 300 ملیار دۆلار بۆ (نرخی بژاردەیی) بۆ ئامادەكاری سەربازی لەدەست دەدەن – واتا توانستی كەوتنە نێو جەنگەوە وەكو پێویست ـ ئامادەبوونی ئەمریكییەكان بۆ لەئەستۆگرتنی ئەو بڕی پارەیە واتا ((نرخی بژاردەین))خەرجی راستەقینە تێدەپەڕێنێ، بەڵام تاڕادەیەك گومانی ئەوە هەیە (نرخی بژاردەیی) بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەر زیاد كردبێت. وەكو دیاردەبێت تا ساڵانێكی زۆر بەردەوام دەبێت. ئەمە بەكورتی تەنانەت ڕێژەی مەزەندەكراوی مامناوەندیشمان زۆر كەمتر لەو خەرجییە راستەقینەیەی لەتێوەگلانی ئەمریكا لەئێراق دراوە. ئەمە لەكاتێكدا ئەو خەرجیانەی گردبۆتەوە ئەو زیانە گیانی و سامانە زۆرەی لەخودی ئێراق كەوتووە ناگرێتەوە. ئێمە ناخوازین لێرەدا باس لەوە بكەین داخوا گەلی ئەمریكی بەئەنقەست دەرهەق خەرجییەكانی جەنگ چەواشە كرابن، یان دابەزاندنی خەرجیاتی راستەقینە بەو ئاستە زۆرە بۆ ئەو ڕێژە مەزەندەكراوەی ئیدارەی بووش بۆ بێتوانایی ئیدارەكە بگەڕێنەوە، وەك لەمەسەلەی چەكە كۆكوژییەكان بەشێوەیەكی روون دەركەوت. هەروەها هەوڵی ئەوە نادەین مەزەندەی ئەوە بكەین كە داخوا ئامرازی بەكاریگەری و یەكەی لەڕووی ئابووریەوە هەبن و دەستپێكردنی جەنگ. بەڵگەی نوێ بەدەستەوەیە كە جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە ئەگەر هێزەكان چاكەتی باشتر بۆ پاراستنی جەستەیان بدرایە بەسەربازە ئەمریكییەكان ئەوا ڕێژەی مردن و پێكران (الاصابە) تارادەیەكی زۆر كەمتر دەبوو. ئەمەش مەسەلەیەكە خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بەوەی كە دەستگیرۆیی لە مەسرەف لەماوەی درێژخایەندا لەوانەیە ببێتە هۆی خەرجیاتی زۆر زیاتر لەماوەی درێژخایاندا. ئەوەی جێی گومانیش نییە هیچ هۆكارێك بۆ ئامادەكاری ناتەواو لەئارادا نییە.، بەتایبەتی ئەگەر كاتی دەستپێكردنی جەنگ بەبژار (اختیاری) بێت، وەك ئەو رەوشەی سەبارەت بەجەنگ لەئێراقدا هەیە، بەڵام وەكو دیار دەبێت ئەو لەبەرچاوگرتنانە ئیدارەی بووش دەركی پێناكات و بەسەریدا دەرباز دەبێت. چونكە نزیكەی نیو سەدەیە شیكردنەوەی بەلێكۆڵینەوە بۆ خەرجیاتی پرۆژە مەزنەكان لە پراكتیكە چەسپاوەكانی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتەكانی دیكەی حكومەت بووە. جەنگی ئێراقیش پرۆژەیەكی تایبڵێی مەزن بوو، وەلێ وەكو ئێستا دیاردەبێت ئەو شیكردنەوەی بۆ سوودەكانی ئەم پرۆژەیە كراوە تاڕادەیەكی سەرسوڕهێنەر لاوازەو جێی شوورەییە، تەنانەت هەر لەبنەڕەتەوە حیساب بۆ خەرجیاتەكان نەكراوە، ئێستا هەر ئەوە ماوە بپرسین: داخوا هیچ شێوازو ئامرازی دیكە لەئارادا نەبوو بۆ تەرخانكردنی بڕێكی كەمی ئەو خەرجیاتانەی جەنگ، كە خۆی لەترلیۆنێك تا 2 ترلیۆن دۆلار دەدات، بۆ ئەو پرۆژانەی كە ئاسایش تۆكمە دەكات و پشتگیری لەخۆشگوزەرانی دەكات و هانی دیموكراسییەت دەدات؟.

٭جۆزیف ئی. ستیجلێتز، وەرگری خەڵاتی نۆبلە لە ئابووری و مامۆستای زانستە ئابوورییەكانە لە زانكۆی كۆلۆمبیا و سەرۆكی ئەنجوومەنی راوێژكارە ئابوورییەكانی سەرۆك كلینتۆن و سەرپەرشتیاری پسپۆرە ئابوورییەكان و جێگری سەرۆكی بانكی نێودەوڵەتی بووە.

٭٭ لە رۆژنامەی (الرایە)ی قەتەری وەرگیراوە.